## بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا

نووسینی: تاهیر عەلیار

---

## بۆکان لە بیرەوەریەکانی عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی دا(بەشی 1-3)

### شەڕی مامەشەی دووەم

لە تەمۆتە بە هۆی بێ سەرووپێ یی حەمەڕەشیدخانەوە دوژمن سەرکەوتنیکی گچکەی بەدەست هێنا ویستی تۆڵەی شکستی شەڕی پێشوویان بکەنەوە کە سەروان خوسرەوی و ژومارەیەک سەربازیان لێ کوژرابوو هەروەها ئەو زیانانە ش کە لەشەڕی قاراوا لێی کەوتبوو.

رۆژی15/4/1946 دوژمن هێرشی بردەسەر چیای مەڵقەرەنی بۆ سەر بەتالیونی 1 . ئەو پەیمانەی کە لە نێوان کۆماری مهاباد و حکومەتی ئێران دا بەسترابوو(رێگای هاتووچوی نێوان بانە.سەقز ، بانە. سەردەشت کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمە دابوون لە حکومەتی ئێران نەگرین بەوئومێدەی کە لەرێی وتووێژ کردنەوە هەردوولا لەسەر شتی دیکەش ریک بکە ون.) سەری نەگرت.

"رەزم ئارا" بەهێزی ئێرانی ، لەشکری چواری کوردستان فەرمانی دا ، کە "هومایونی" فەرماندەی ئەو هێزەبوو بەدوو هەنگ (لیوا)لەسەقزەوە هێرشیان بردە سەر گردی مامەشە لەچیای مەڵقەرەنی. بە داخەوە هەر ئەو چەند بارزانیەی کە لە پێشەوە باسمان کرد لەوێ بوون . کاتێک کەمەلا مستەفا لەوێوەتێپەر دەبێت و دەچێتە تەموتە فەرمان بە مستەفا خۆشناو دەدات کە ژومارەیان زێدەتربکات و سەنگەر لەسەر لووتکەی بەرزاییەکان لێ بدەن بەڵام مەخابن ئەو کارانە هیچی ئەنجام نەدران. دوژمن هێرشێکی گەلێک فراوانی دەست پێکرد ، لەچەند کاتژمێرێکی یەکەم بەهەموو جۆرە چە کیک لە گەڵ تۆپ و فرۆکەگردی مامەشەی ئاگرباران کرد پاشان بەزێ و تانگ و پیادەهێرشی بردەسەر بارزانیەکان ، شەڕێکی خوێناوی روویدا ، بارزانیەکان شێرانە دەستیان لێ کردنەوە. منیش فەرمانم بە حەمەدمیرخان دا کە لەلای ئاڵتوونی خوارەوەخۆی لەلاشانی دوژمن نزیک کاتەوەو تەقەت لی بکات تا دوژمن بەردەوام هێز و تینی بەرەورووی مستەفا خۆشناو نەکات و بەوچەشنە تا شەو بەسەردادێت دوژمن خەریک بکریت هەروەها پلانێکی دیکەشم بەدستەوە بوو کە لەخوارەوە چۆک بە دوژمن دادەین و لەوەش زێتر بۆمان نەدەکرا بچینەپێشەوە چونکە لە ماوەی چەند سەعاتێک دا دوژمن توانیبووی گردی مامەشە بگرێت ، هەر لەسەر مامەشە چەند قولەیەکی دروست کرد و بە بەرزایی مە ترێکیش دیواری بەرز کردەوەو تانکیشیان بردبوە سەری و تەواو خۆیان دامەزراندبوو. کات ژمێر یەکی پاش نیوەرۆ نامەیەکم لەمستەفا خۆشناوەوە بۆهات لەوێدا نووسیبووی : 12 شەهیدمان هەیە. سەرپە خۆشەوی خەڵێ برینەکەی زۆر کوشەندەبوو بە پەلە نێردرا بۆ تەورێز بەڵام بەداخەوە گیانی پاکی کردە قوربانی کوردستان . جگە لەو کاک مستە فا نووسیبووی کە هێرشی دوژمن زۆر بەتینەو داوای یارمەتی دانی لێ کردبووین. لە وڵامدا بۆم نووسیبوو کەتا شەو خۆی راگرێ و پشت بەخوا هێرشی دوژمن دەوەستێنم. دەست بەجێ پەلێکم بەسەرکردەیی حەمەدەمین بۆ ئاڵتوونی خواروو کەنزیکی مامەشیە رەوانەکرد ، پەلێکیش بەفەرماندەیی مامەند مەسیح بۆ کانی نیاز کەنزیکی مامەشەیە رەوانە کرد تا دوژمن وا هەست بکا کە ئێمەنیازی هێرش بردنەسەریان مان هەیەو لەولاشەوە بەرو پشتیان دەکەوێتە مەترسیەوە ، لەهەمان کات دا تاوەبارانێکی باش باری و وەهابی حەمەدعەلی ئاغا گەیشتە لام ونامەیەکی لەحەمەڕەشیدخانەوە بۆ هێنابووم، لەنامەیەکدا داوای لێ کردبووم هێرش بەرمەسەر گردی مامەشەو هەروەها کاک وەهاب ئاگاداری کردم کەحە مەڕەشید خان زۆر دۆستیەتی و رێزی لای هەیە. دوایی بەپیکەنینەوە بە کاک وەهابم کوت ئایا تۆ دەزانی کە داواکەی خان زۆرسەیرە، یان زۆر نەزانەو هیچ لەشەڕکردن نازانێت یا خود مەبەستێکی گەلێک خراپی هەیە، چونکەلای ئێمەوە تا دەگەینەبن لووتی دوژمن دوو کیلومەتر زیاتر دەبێت کەئەویش دەشتێکی رووتەڵەیەو لەبن ئاگری گولە تۆپ و چەکی دوژمن دادەبین بەتایبەتیش بەو رۆژەهێرش هەر ناکرێت بۆیە من پێموایە کەخان دەیەوێ هەموو هێزەکەمان لەو نێوەبە

کوشت بچێت ، حەزیش دەکەم کە بگەڕێتەوەلای خان و پێی بڵێی کە بەقسەی ئەو هێزەکەی خۆم لەنێو نابەم جگە لەوە من یارمەتی دانی کاکەمستەفا بەپێویستی سەرشانی خۆمی دەزانم و بۆخۆشم دەزانم کەبەچ هەڵدەستم.

نیزیک بوونەوەی هێزەکەی ئێمە لە سەقز بووەهۆی هێور کردنەوەی هێرشی دوژمن و ئێوارەشی بەسەرداهات نەگە یشتە ئاڵتوونی ژووروو ڕاوەستا. هەروەها کاک وەهابیشم راسپاردبوو کە کاک مستەفا خۆشناو ئاگادار بکات کە تا شەو دادێت خۆیان رابگرن ، منیش کارێکی وا بەدوژمن دەکەم کەبەرەو دوا بکشێتەوە.

شەو بە سەرداهات ژومارەی 50 بارزانیم لەنیزیکی کانی نیاز کۆ کردەوە کە نیزیک ترین گوند بوو لەسەقز و پێم وتن کێتان ئامادەیە کە ئەو شەو بەکارێکی کۆماندویی هەستێت لە شەهیدبوون نەترسێت ، ئامادەبێت بچێتە نێو جەرگەی دوژمنەوە. ئەو کارەمان پێویستەتا براکانی بەتالیونی یەکمان لەو نارەحەتیەرزگار بکەین. ، تا لووتی دوژمن بشکێنین و نەهێڵین چی دیکە شانازی بەخۆیانەوەبکەن . خۆ ئەگەر بێت و دوژمن لەو هێرشە سەربکەوێ ئەوا جەبهەکە هەمووی دەکەوێتە مەترسیەوە بە تایبەتی بەتالیونی 2ی کاک میرحاج لەنیوچەکەی دادەپچڕێ و زیانێکی زۆر بەدەستەوەدەدات.

هەر هەموویان زۆر قارەمانانە وڵامیان دایەوە کە ئامادەی ئەو کارەن ، هەر هێندەم پێ کرا کەپر بەد سپاسیان بکەم و پاشان 25 کەسم لێ هەڵبژاردن وفەرماندەیی ئەو کارەشم دایە دەست حەمەدەمین میرخان . پلانی راپەڕینی ئەو کارەم بە وچەشنەبوو :

1. ئەو 25 کەسە لەکانی نیازەوە بڕۆن بەرەو رووباری سەقز، رۆیشتنەکەیان بەناو رووبارەکەدابێ تا دەگەنەنێو سەقز.

2. ئەو 25 کەسە لە نیوشار ببنە دوو کەرتەوە، کەرتێکیان خۆی بگەیەنێتە سەر رووباری نێوشار ، ئەوی دیکەشیان خۆی بگەیەنێتە فڕۆکەخانەی سەقز ، لەوێ سربێکی فڕۆکەی دوژمنی لێ یە، 7 زرێ پۆشیش (مودەرەعە) بۆ پاراستنی فڕۆکەخانەکە لە گەڵ پاسەوانەکانیان دانراون .

3. چەند نارنجۆکێکم بەهەر یەک لەبارزانیەکان دا کەهەندێکیان سووتێنەر (حریق) بوون ، جگە لەوە بەهەر کەرتێک رەشاشێکی برنەوی بچووک لەگەڵ ژومارەیەکی باش فیشەکی تانک برم دانی .

4. ئەو کەرتەی کە دەگاتە بن پردی سەقز تەقەیەکی زۆر لەنیو شاردا دەکەن بەتایبەتی لە پولیسخانەو قولەکانی دەوری شار بۆ ئەوەی دوژمن بشڵەژێت.

5. ئەو کەرتەش کە دەچێتەسەر فڕۆکەخانەکە گەر بتوانن خۆیان هیندە نیزیک بکەنەوە کە بەگولەی ئاگردار و تانکبڕ زیان بەفڕۆکەو زرێپۆشەکان بگەیەنن و بیانسووتێنن.

6.تەقە لەشار و فڕۆکەخانە بەردەوام دەبێت تا بەرەبەیان , ئەودەمە دەگەڕێنەوە گوندی کانی نیاز

بەو چەشنە لە کاتی دیاریکراودا بارزانیەکان گەیشتنە ئەو جێگایانەی کە مەبەست بوون ، تەقە لە ناوشار و فڕۆکەخانە کە دەستی پێکردن لەکانی نیازەوە لێمان دیار بوو کەچۆن دوژمن بەهەموو لایەکدا تەقەی دەکرد و گولەی رووناکی دە هاویشت و شڵەژاوی پێوەدیاربوو . ئەو شەوە تاوەبارانێک باری ، ئەو کەرتەمان کەبۆ سەر فڕۆکەخانەکە هێرشی بردبوو نیتوانیبوو خۆیان زۆرنزیک بکەنەوە، هەر لەسەر کەنداوی سەقزەوە زرێپۆشەکان لە گەلیان بەشەڕ هاتبوون ، چەند گولەیەک بەر یەک دوو زرێپۆش کەوتبوو بەڵام فڕۆکەکان زیانیان پێ نەگەیشتبوو . لەبەرەبەیان دا بارزانیە دلێرە کان گشتیان بەسەلامەتی گەڕانەوەکانی نیاز ، پاشان لە نێو شارەوە هەواڵم بۆهات کەسەربازی دوژمن لەو شەڕەدا کوژرابوون بەڵام ژمارەی بریندارەکانیان نەزاندرابوو .

ئەو هێرشەمان وای کرد لە دوژمن کە دەست لەهێرش بردنەسەر بەتالیونی 1 هەلگرێ و بگەڕێتەوەسەر گردی مامەشە لەوێ دەستیان کردبوە قولە دروست کردن و خۆ قایم کردنەوە. بەو جۆرەشەڕ لەسەر بەتالیونی 1 راوەستا. 20 رۆژێک بەسەر ئەو شەڕەدا تێپەڕی کرد . ئەو گوندانەی کە بەتالیونەکەمی تێدا دامەزرابوو بەرامبەر بەدوژمن وەک : قاراوا ، ئاڵتوونی خواروو ، کونەکۆتر ، کانی نیاز و دەورووبەرەکەی ، هەروەها نزیک بەسەقزیش بەتالیونم گوێزابۆوەگوندی قاراوا . ئێرە زۆر دوور نیە لەسەر رێگای سەقز، سەرا ، بۆکان . هەر لەسەر رێگە کەلاوەچایخانەیەکی لێ بوو، کە

رتێک بارزانی کە پێک هاتبوو لە کەس لەژێر فەرماندەیی سەعید حەمەعەلی ئاغا رەواندزیدا کردمن بەپۆست (سیطرە ) بەمەبەستی پشکنینی هەر کەسێک گەر لەسەقزەوە بێت و بۆ سەرا/بۆکان یا خود گەر بەرەو سەقز بروات. لەو کاتەدا هێشتا وتوویژ کردن لەنێوان کۆمار و تاراندا نەپچڕابوو . گوندی قاراوا سەر بەعەشیرەتی فەیزولابەگی بوو(کەئەمانەش لەعەشیرەت و خزمانی پێشەوابوون). ئەم گوندە سەر بەدوو برا بوو کە لەو عەشیرەتەبوون . یەکێکیان عەبدولاخان و ئەوەی دیکەیان عەلی خان . عەبدولا خان لە گوندەکە مابۆوە، بەڵام عەلی خان لەوێ نەمابوو ، رووی کردبووە گوندێکی دیکەیان ، منیش بەدەرفەتم زانی و داوای خانووەکەی عەلی خانم کرد و کردمە بنکە.

رۆژێک ئاغایانی فەیزولاَبەگی 30/20 کەسیان لەمالی عەبدولاَخان میوان دەبن ، زۆری پێ ناچێت نیشانە دادەنێن و بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بکەن دەست بەتەقەکردن دەکەن . لە راستیدا بێ روخسەت وەرگرتن ئەو تەقەکردنەم بەراست نە زانی چونکە سەربازەکانمان لەسەنگەری شەڕدابوون و بەو کارە گەلێک دەشلَەژان . دەست بەجێ یەکێکم ناردەلایان کە ئەو تەقەکردنە راگرن و لە ئەنجامەکەشی ئاگادارمان بکەن. وَلامیان داینەوە کە لە خۆشی سەدری قازیە(برای پێشەوا بوێنەر دەبێت لەپەڕلمانی تاران دا) لەتارانەوە دەچێتەوە مهاباد و ئەمانەش خزمی ئەون و هاتوون پێشوازیی لێ بکەن. و لەگەڵ خۆشیاندا چەند کاوڕێکیان ئامادەکرد بوو کە لە بەر پێی بەڕێز سەدری قازیدا سەری ببڕن ، منیش دەست بەجێ چەند بارزانیەکم ناردەلایان و چوونە دەرەوەیانم لەماڵی عەبدولاَخان قەدەغەکرد و لەوێ وەک بەند هێشتمنەوە. زۆری پێ نەچوو لەهەموو کەرتەکانی بەتالیونەکەمانەوە تەتەر هاتن بۆ زانینی هۆی ئەو تەقەکردنە.

کات دوازدەی نیوەڕۆ دەبێت بەڕێز سەدری قازی بە پۆستەکەی ئێمەدا دەیەوێ تێپەڕێت. لەوێ رایدەگرن و ئوتومبیلە کەی دەپشکنن ، ئەویش هیچ دەنگ ناکا تا لێ دەبنەوە ئەوسا پرسیاریان لێ دەکا دەزانن من کیم ؟ پێی دەڵێن کە ئەوان لە سەنگەری شەڕ دان و فەرمانیان پێ دراوە هەموو کەسێک بپشکنن . پاشان پێیان دەڵێت کەمن سەدری قازی برای پیشە وام ئەگەر بتان ناسیبام هەر دەتان پشکنیم ؟ بەڵێ لەبەر ئەوەفەرمانمان پێ دراوە بۆ ئەو کارە کە هەموو کەس بەچاوێک تەماشا کەین . سەدری قازی بەرێک و پێکی ئەو کارەیان گەلێک خۆشحاڵ دەبێت ، ئەوجا دەپرسێت فەرماندەی ئێوەکێیە ؟ وڵام دەدەنەوە کە رەییس بەکر عەبدولکەریمەو ئێستا پەد پۆڵکوفنیکە(موقەدەم) . لەوێ نامەیەکی بۆ نووسیبووم و دابوویە دەست سەربازەکان کە بیگەیەننە دەستم و بەوانیشی وتبوو کە دەمەوێ فەرماندەکەتان ببینم بەڵام لەبەر ئەوەی بە پەلەم تکایە ئەو نامەیەی لە بری چوونەکەی خۆم بگەیەنەدەست . دوای سڵاو پێشکەش کردن لەنامەکەیدا نووسیبووی :

چاوم بەسەربازەکانی کوردستان کەوت ، لە خۆشی ئەو رێک و پێکی و کار بەڕێوەبردنە نیزامیەوە ک تەمەنم 20 ساڵ گەنج تر بووبێتەوە وایە، نازانم چۆن سپاسی ئێوەو سەربازەکانت بکەم . زۆر بە پەلەم کە بگەمە مهاباد ئەگینا دەهاتمە زیارەتتان . لە بۆکان کارم هەیە و کەمێک دەمێنمەوە ماشێنەکەمت بەدوادا دەنێرم و خۆم بە بەختیار دەزانم تەشریف بفە رمووی تا چاوپێکەوتنێکت بۆ یادگار دەگەڵدا بکەم.

کە گەیشتبووە بۆکان ماشێنەکەی بەدوادا ناردم ، منیش بۆ دیدەنی چوومە ئەوێ ، کاک محەمەد ئەردەڵان لێپرسراوی رۆژنامەی (کوهستانیش) لەگەڵ بەڕێز سەدری قازی دابوو . پاش چاوپێکەوتن لە تەنیشت ماشێنەکەوە وێنەیەکی یادگاریمان پێکەوە گرت و ئەوان بەرە و مهاباد کەوتنە رێ و منیش بەرەو قاراوا گەڕامەوە. ئاغایانی فەیزولاَبەگی کە لەسەر تەقەکردنەکە رۆژێک تا ئێواریَ بەندم کردبوون ، لای وەزیری جەنگ محەمەدحۆسێن خان شکا تیان لێکرد بووم ، رۆژێک نامەیەکم لە بەرێز وەزیرەوە بۆ هات کە لەوێدا فەرمووبووی :

خزمانی ئێمە ئاغایانی فەیزولاَبەگی هەموویان خاوەنی بیروڕای پاکن ، لە رووحی کوردایەتی بێ بەری نین ، گلەییان لێت هەیەو زۆر سەغڵەتیان دەکەی ، لەبەر ئەوە بە مەسڵەحەتی دەزانم کەبەتالیونەکەت لەو نێوچەیەی ئەوان بگوێزیتەو

ئیمزا ، وەزیری جەنگ محەمەد حۆسین خان

منیش وڵامەکەیم بەو جۆرەدایەوە

وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان ، نامەی ژمارە.....رۆژی.....بەدەست گەیشت .

یەکەم سەبارەت بە ئاغایانی خزمتان کە گلەییان لێم هەیەو گوایە من سەغڵەتیان دەکەم ، فەرمانێکی راستەوخۆ و دەست و بردانەتان دەر کردوە کە بەتالیونەکەم لەبەر خاتری ئەو خزمانە لە نیوچەکەیان بگوێزمەوە بێ ئەوەی هیچ لە مەسەلە کە بکۆڵنەوە کە بۆچی و لەسەرچی ئەو کارەم کردوە.

دووەم فەرمووتانە کە ئەوانە خاوەن بیر و باوەڕن و هەموو پاکن ، ئێمە گلەیی مان لە وەنیەو نکولی ناکەین کە پیاوی نیشتمان پەروەری وەک عەلی بەگی یەکشەوەمان هەیە بەڵام پیاوی وەک حەسەن خانی نیازیش هەیە کە لە هەمان خزمانەو بەکرێ گیراوە و لە دەزگای جاسووسیی دوژمن دا کار دەکات بەڵێ چەم بێ چەقەڵ نابێت زۆر خۆسەکە هەموو خزمان شانازی بەحەزرەتی فەرماندە، پێشەوای بەرێزەوە بکەن و چاو لەو لەخۆبووردنەی ئەو بکەن. ئێمە لە سەنگەری شەڕدابین هەندێک لەخزمانی فەیزوڵابەگی بۆ پێشوازی بەرێز سەدری قازی هاتبوون و دەستیان بەتەق و توق کردوە، هیندەی نەمابوو لەو کارەی ئەوان هەموو جەبهەکەمان بشڵەژێت و تێک بترازێ جا بەگوێرەی فەرمایشتەکەتان دەبێت ئەرک و قورسایی لەشکری کوردستان بە تەنێ لەسەر ئەو دێهاتانە بێت کەپێوەندی خزمایەتیان بەجەنابتانەوە نیە . ئەو جێیانەی کەمن بەتالیونم لێ داناوە لە سەنگەری دژ بەدوژمن دان و گەلیک پێویستن ، هەر جێیەکیش ستراتیژی بیت لەوێیان دادەنێم جا پیوەندیم بەوەوە نیە ئەو جێیە سەر بەچ کەسێکە گرینگ ئەوەیە کە گیانی سەربازەکانمی تێدا بپارێزم و زیانێکی کوشەندەش بەدوژمن بگەیەنین بۆیە دەبێت ببوورن کە بەتالیونەکەم لەو جێیە لانابەم چونکە بەلادانیان ئەوەلاشانی هەموو بەتالیونەکانی تر چۆڵ دەبێت و تا بۆکانیش مەترسی دەکەوێتە سەر بۆیە بەرجەوەندیی جەبهەکە وادە خوازێ کە ئەم بەتالیونە لە جێگەی خۆی بمێنێتەوە.

وێنەیەک لەو نامەیەبۆ پێشەوای بەرێز

ئیمزا پەدپۆڵکۆفنیک بەکر عەبدولکەریم فەرماندەی بەتالیونی 3

ئیدی وەزیری جەنگ چی دیکە لەو بارەیەوە نەیپرسیەوە.

**... درێژەی هەیە**